# زللەکەی مەلا بەختیارو کێشەی نیشتەجێبوون



سەلام عەبدلا



کاتێ هاوڵاتییەك لەناو مەڵبەندی 12ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوای خانوو دەکات، مەلا بەختیار پێی دەڵێ: من کرێی خانوو بۆ ماوەی ساڵێك دەدەمێ. ئەم وەڵامە بە دڵی هاوڵاتییەکە نابێ و بە منجەمنج وتی: من چی بکەم بە کرێی ساڵێك، من خانووم دەوێت. مەلا بەختیار بێزار دەبێت و زللەیەکی سۆسیال دیموکراتیانەی لێی دا!

ئەو رووداوە لەلایەکەوە رەوایی داخوازی کرێچیان و لانەوازانی شارەکە پیشاندا و لەولاوە بێ توانایی دەسەڵاتداران بۆ دابینکردنی خانوو بۆ هاوڵاتیان کە یەکێکە بە سەرەتاییترین مافی مرۆڤ و حکومەت بەپرسیارە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

نزیکەی 70 خێزان(زۆربەیان بێکارن) لە گەڕەکی بەختیاری، 2-3ساڵە ژیان لەناو چادر بەسەر دەبەن. ئەم خێزانانە لە سەردەمی بەعس و ئێستا پێیانیان دەگوت(ئێرانی)و لە ئیران پێیانیان دەگوت(اغای عیراقی)، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئەم لێقەوماوانە کوردن و خۆیان بە کوردستانی دەزانن، گەرچی بە تەواوەتی لە دەسەڵاتی کوردیش زوێر بێ ئومێد بوون. ئاخر چۆن دەکرێ 1،4ملیار دۆلار بۆ درووستکردنی(میدیا ستی) تەرخان بکرێت و وەك سەددان خانووی پیاوە گەندەڵەکان لەسەری بنووسرێ(هذا من فضل ربي)و لە پاڵیەوە سەددان هەزار خێزان لەناو گەوڕ و چادر و بە کرێچی نیشتەجێ ببن؟

سەرگول ئەحمەد و بەهزاد ئیبراهیم خاوەن شەش منداڵن(ئەحلام، سوها، نەبأ، هودا، یوسف – وێنەکەی سەرەوە-)و ماوەیەکە(سامەڕا)یان جێهێشتووە و گەڕاونەتەوە سەر زێدی باوباپیرانیان لە گەڕەکی سەرکەوتن. ئێستا لە ماڵی باوکی بەهزاد نیشتەجێن و هیچ توانایەکیان نییە، پارچە زەوییەکەیان بکەن بە خانوو. ئەم خێزانە چاوەڕوانی کۆمەکی ئێوەیە وەك حکومەت، رێکخراوە خێرخوازەکان، حزب و خێرخوازان. ئەوەی بیەوێت بە ناردنی بلۆك، چیمەنتۆ، چەو، لم، پەنجەرە و دەرگا کۆمەك بەم خێزانە بکات، دەتوانێ راستەوخۆ پەیوەندی بە ژمارەی تەلەفۆنەکەیان بکات: نەوزاد ئیبراهیم(**07702243227**).

سەلام عەبدڵا

07701929872